له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# فرەژنی
# چارەسەرە نەك تاوان

ئامادەكردنی
ئومێد حمزە

پێداچوونەوەو پێشەكی بۆ نوسینی
مامۆستا خلیل أحمد

---

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

**پێشەكی مامۆستای بەڕێزم : مامۆستا خلیل أحمد**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين ، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم باحسان إلى يوم الدين ، وبعد

**هاوسەرگیری ڕێگەیەكە ئیسلام پەسەندی كردووە و خوای گەورە بە شەرعی داناوە بۆ ئەوەی مرۆڤ نەفسی خۆی پاك ڕاگرێت ، وە بۆ ئەوەی پارێزگاری بكات لەسەر مانەوەی وەچەو ڕەچەڵەكی ، وە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگەیەك بۆ پەیوەندی كۆمەڵایەتی و چاككردن و ڕەحمەت و سۆز لەنێوان یەكدا، ئیسلام پلە وپایە و گرنگی هاوسەرگیری شەرعی بەرز نرخاندووە ، وە بەبەهێزترین هۆكاری داناوە بۆخۆشەویستی و نزیكبونەوە لەنێوان كەسە نامۆ و دورەكان لەیەكتر وەكو خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢١) ﴾** (الروم)

**جا لەوانەی كەبە شەرعی داناوە وەهانی موسوڵمانانی بۆ داوە كردنەوەی دەرگای فرە ژنیە وەمەرجی داناوە لە سەر پیاوان كە دادوەربن و بۆیەكسانی لەگەڵ ئافرەتاندا لەشوێنی نیشتە جێبوون و نەفەقەدان و وە توانای ژیانی هاوسەرگیری هەبێت وەك**

فەرمووییەتی: ﴿ فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً ﴾(النساء : (٣)).

جا ئەوانەی دەربارەی مێژووی هاوسەرگیری شتیان نووسیووە لەهەموو سیستەمە مرۆییەکان ئەوەیان ڕاگەیاندوە کەفرە ژنی شتێکی زانراو بووە ، وە هەبوە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا لەپێش ئیسلام وەك لەمێژووی هاوسەرگیری (**وستر مارك**) ئەڵێ: (فرە ژنی بەئیقراری کلێسا ماوەتەوە تاوەکو سەدەی حەڤدە وە چەند ین جار ئەو حاڵەتانە دووبارە بوەتەوە )

وە ڕۆژهەڵات ناسی فەرەنسی (**إتيين دينيه**) کە موسوڵمان بووە ناوی خۆی ناوە (ناصر الدين ) ئەڵێت : پاشاکانی فەرنسا چەندین ژنیان هەبووە لەهەمان کاتدا لەلایەن کلێساوە ڕێزیان لێگیراوە جا ئەگەر شوێن کەوتوانی کلێسا هەروەکو جاران مامەڵەیان بکردایە ئەوە لای ئەوا نیش فرەژنی دروست ئەبو بەلاَم کلێساکانیان کەوتنە بەر کارتێکەری دەرەکی دور لەرێنماییەکانی مەسیحیەت .

لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە فرەژنی داهێنراوێك نیە کە تەنها لەئاینی ئیسلام و لای موسوڵماناندا هەبێت بەڵکو پێشتر هەبووە و بەشێوە یەکی ڕەها بەلاَم ئیسلام سنورداری کرد و مەرجی بۆدانا .

(**جوستاف لو بون**) ئەڵێت : فرە ژنی کەلەرۆژ هەلاَتدا کاری پێدەکرێت سیستمێکی چاکە ئاستی ڕەوشت لەو گەلانەی باوەڕیان پێیەتی و کاری پێدەکەن بەرزدەکاتەوە وە زیاتر

خێزانەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە وە ڕێز لە ئافرەت دەگیرێت و دەیخاتە کامەرانیەوە کەهەردوکیان لەئەورووپا نابینین .

هەروەها قەدەغەکردنی فرەژنی چەندین خراپە بۆ کۆمەڵگا بەجێ دەهێڵێت وەك بڵاو بوو نەوەی داوێن پیسی و قەیرە بوونی کچان و منداڵی ناشەرعی هەموو ئەم نەخۆشیە کۆمەلاَ یەتیانەش لەو ولاَتانەی کە بەتەواوەتی ئیسلامیان جێ بەجێکرد بوو نەبوون دوای نزیکبوونەوە لەشارستانێتی رۆژئاوا ئەمانەش لە ناو کۆمەڵگای موسوڵماناندا بڵاوبویەوە .

وە ئافرەتێکی ئەڵمانی کە مامۆستای زانکۆیە ئەڵێت : من بەچاکی دەزانم خۆم و دەکەسی تریش لەئافرەتان ببینە خێزانی پیاوێکی سەر کەوتو نەك من بەتەنها ببمە خێزانی پیاوێکی دۆڕا و بێ کەسایەتی وە ئەمە تەنهابیرو بۆچونی من نیە بەڵکو بۆچونی هەموو ئافرەتێکە لە ئەڵمانیا.

جا ئەگەر ئافرەتان ڕێژەو ژمارەیان لەپیاوان زیاتر بوو وەفرەژنیش قەدەغەکرا ئەو کاتە سێ ڕێگە مان لەپێشە :

١- کچانی قەیرەبن و لەماڵ باوکیاندا بەند بن نەپیاوان بناسن وەنە پیاوانیش ئەوان بناسن ئەمەیش خودی کچان قبوڵیان نیە .

٢- کچان و ژنان دۆستی حەرام بۆ خۆیان بگرن و پەیوەندی ناشەریفانە لەگەڵیان ببەستن ئەمەش ئافرەتی دین دارو بەشەرەف قبووڵی نیە .

٣-   تەنها رێگای سێ یەم دەمێنێتەوە کە مێردکردنە بەپیاوێك کە ژنی تری هەبێت بیپارێزێت لە هەڵوەرین و تیاچوون .

من بەم چەند وشانەم ویستم ڕەدی بێ باوەران بدەمەوە  کەفرەژنی قەبوڵ ناکەن ، وە ئەوانەی دڵیان بەو شتانەی ئەوان خۆشە لە ئەهلی بیدعە .

بەڵاَم موسڵمانان نابێت بەهچ شێوازێك سەرپێچی لەفەرمانەکانی خوای گەورە بکەن ، وە ئەم نوسراوەی برای بەڕێزم زیاتر ڕوو دەکاتە موسڵمانان بۆ ئەوەی بەدەردی بێ باوەڕان نەچن وەنەبنە شەریك لەو تاوانەی کەحوکمی خوارد کەنەوە .

جا بینیم بەکورتی پوختی بابەتەکەی خستوەتە ڕوو خوای گەورە پاداشتی هەمووولایەکمان بداتەوە .ئامین

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

## سەرەتا

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ... أَمَّا بَعْدُ :

ئەو خوایەی کە هەر ئەو دروستکەری دروستکراوەکانە هەرئەویش شارەزاترینە بەحاڵی بەندەکانی و شارەزایە بەوەی چی سودی هەیە بۆ بەندەکانی، بۆیە کۆمەڵێ شتی بۆ حەڵاڵ کردون کەسودی بۆ تاك و کۆمەڵگا هەیە، وە کۆمەڵێ شتی لێ حەرام کردون کە زیانی بۆتاك و کۆمەڵگا هەیە، یەکێك لەو شتانەی کە خوای گەورە حەڵاڵی کردوە بریتییە لە هێنانی چەند ژنێك وەك لەقورئانی پیرۆزدا خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ﴿٣﴾﴾ [النساء] .

واتە: لەو ئافرەتانەی کە حەڵاڵن بۆتان مارە بکەن دوو یان سێ یان چوار .

وە بۆ پیاو شایستە تر وایە چەند ژنێکی هەبێت لەوەی کە یەك ژنی هەبێت ، بەپێی بەرنامە و شەریعەتی ئیسلام ، ئەگەر هۆکاریش نەبێت بۆ هێنانی ژنی دووەم و سێیەم ،بەمەرجێك پیاوەکە بتوانێ داد پەروەربێت ، وە خوای گەورە لەقورئاندافەرموویەتی دوو یان سێ یان چوار ژنبهێنن ئەگەر نەتان توانی داد پەروەر بن ئەوە یەك ژنبهێنن، دەبینین لە چەند ژنییەوە دەست پێدەکات .

بەلاَم ئێستا زۆرینەی خەڵك بەهۆی دوورییان لە بەرنامە ڕەسەنەکەی ئیسلام و هەواو ئارەزوی شەخسیان ڕقیان لە فرەژنیە و بەربەست لەبەردەم ئەم کارە دروست ئەکەن،

خوای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿ وَإِنْ تُطِعْ أَكْثَرَ مَنْ فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ ۚ ﴾ [الأنعام: ١١٦] .

واتە:ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی زۆربەی ئەوانەبیت کەلەسەر زەوین ئەوە لەڕێگای خوا گومڕات ئەکەن.

بەڵێ لەوناو خەڵکیدا فرەژنی وای لێهاتووە بووە بە تاوانێکی زۆر گەورە کەلێ خۆشبونی بۆ نیە ، وە وای لێ هاتووە کەسێك کەژنی دووەم بهێنێت هێندە وتەی ناشرینی پێ ئەوترێت ڕەنگە ئەگەر تاوانێکی گەورە بکات نیو ئەوەندە قسەی پێنەوترێت، بەڕاستی ئەمە دیاردەیەکی زۆر قێزەونە و دوورە لە سیفەتی ئیماندار.

بۆنمونە چەندین پیاو هەن کە نوێژ ناکەن(کەنوێژ نە کردن کوفرە) دەبینین دایك و باوکی ژنەکەی زۆر ئاساییە لە لایان، بەلاَم کاتێك پیاوێك بیەوێت ژنێکی تر بێنێت ئیتر مەگەر بەس خوادا بزانێت چی کارەساتێك ڕووئەدات، یاخود تا ئێستا دە(١٠) ئافرەتمان نەناسیوە بەهۆی نوێژ نەکردنی پیاوەکەی تۆرابێت یان داوای جیابونەوەی کردبێت، بەلاَم ڕێژەیەکی زۆر لەئافرەتان هەیە کەبەهۆی ئەوەی مێردەکانیان ژنیان هێناوە تۆراون یان داوای جیابونەوەیان کردووە،بەڕاستی دڵگران ئەبین کە کۆمەڵگای موسوڵمانان بەو شێوەیە ئەبینین کەتاوانیان لە جێبەجێ کردنی سوننەتێك پێ باشترە.

وە فرە ژنی بووە بە دیاردەیەکی نامۆ وە زۆربەی خەڵکی دژایەتی و ڕێگری ئەکەن بەتایبەت ئافرەتان وە لە ناویاندا ئەو ئافرەتانەیش هەیە کە بانگەواز ئەکەن و وا دەرکەوتون کە شوێن کەوتەی قورئان و سونەتن بەتێگەیشتنی پێشین ، بەلاّم بادڵنیابن لەم بابەتەدا سەلەف لە دۆڵێکە و ئەمان لەدۆڵێکی زۆر دوور کە ئاوەکانیشیان لەیەك جێگا کۆنابێتەوە.

وە هەندێك لەو ئافرە تانە بەڵگە بە غیرەی خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەهێننەوە ، ئێمەش ئەڵێین ڕاستە ئەوان غیرە یان هەبووە بەلاّم نەبون بەڕێگر لەبەرامبەر پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەکاتی ژن هێانیدا وە مافەکانی ئەویان پێشێل نەکردووە ، بەڵکو ئوم حەبیبە داوای لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد کەخوشکەکەی بخوازێت،وە لەسەحیحی بوخاریدا هاتووە کاتێك پێغەمبەری خوا(ﷺ) زەینەبی گواستەوە پێش ئەوەی بچێت بۆلای چوو خێزانەکانی کاتێك چوو بۆ لای دیکە عائیشە ئەویش پێی وت (كَيْفَ وَجَدْتَ أَهْلَكَ بَارَكَ اللَّهُ لَكَ) واتە : خیزانەکەت چۆنە خوا لیتی موبارك کات .دەبینین دایکە عائیشە پیرۆزبایی لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەکات لەکاتێکدا دایکە عائیشە خاوەنی غیرەیەکی زۆر بووە ،کەواتە غیرە کردن شتێکەو ڕێگری کردنیش شتێکی تر وە، بۆیە غیرەی خێزانەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڵگە نیە بەدەستانەوە بەڵکو تەنها خۆ خەڵەتاندنە،خودایش زاناترە.

بۆیە پێویستە ئافرەتان لەخوابترسن وە دینە کەیان لە سەرچاوە ڕەسەنەکەی ئیسلام وەر بگرن ، نەك لە هەندێك شوێندا بە قورئان و سوننەت کاربکەن و لە هەندێك شوێندا هەواو ئارەزوی خۆتان بکەنە جێگای وەرگرتنی فرمان .

بۆیە لێرەدا فتوای هەنێك لە گەورە زانایانی ئیسلام ئەخەمەبەر دیدی خوێنەر بۆ ئەوەی زیاتر بەر چاو ڕۆشن بێت،کە کۆمەڵێك پرسیار لەو زانایانە کراوە و ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە:

## ١ ـ ئامۆژگاریتان چیە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە قەبوڵی فرەژنی ناکەن و ڕەدی دەکەنەوە؟

زانای پایەبەرز شێخ ئەلبانی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی:

لەڕاستیدا بۆچوونی ڕێگری کردنی ئافرەتانی موسڵمان لە مەسەلەی فرەژنی، بیر و بۆچوونێکی زۆر ترسناك و مەترسیدارە و پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، وە پێویستە لەسەر ئافرەتان کە حەز و ئارەزووی شەخسیان وەلا بنێن و ملکەچ بن بۆ فەرمانە شەرعیەکان و حوکمە ئیسلامیەکان، ئەگەرنا نابنە ئافرەتی پابەند بەدینەوە و نابنە چاکەکار هەرچەندە بانگەشەی ئەوەش بکەن کە پەیوەستن بە دینەوە، بەڵام کاتێك حوکمێکی ئاوەهای ڕووبەڕو دەکرێتەوە کەچی ملەجەڕی دەکات و قبوڵی ناکات، لە کاتێکدا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ [النساء] .

واتە: نەخێر، سوێند بەپەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێ دەدەن) باوەڕ ناهێنن هەتا لەهەموو کێشەیەکدا کە ڕوودەدا لەنێوانیاندا تۆنەکەن بەدادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لەدڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەك دروست ببێت بەرانبەر ئەوەی کە داوەریت کردووە و دەبێت بەتەواوی تەسلیم بن و ڕازی بن.

هەربۆیە ئێمە ئامۆژگاری گەنج و لاوە کوڕو کچەکانمان دەکەین بەوەی کە واز بێنن لەو بیروبۆچوونەی کە فرەژنی تەنها لە کاتی پێویستدا دروستەو ڕێگەپێدراوە، نەخێر بەڵکو لەکاتی ئاساییشدا دروست و ڕێگەپێدراوە، چونکە ئەوە چاکترە بۆ گەنجی موسڵمان کە ئارەزوو شەهوەتەکەی لە خێزانی دووەمیدا بەکاربهێنێت لەوەی هاوڕێ و برادەری کچی هەبێت و تووشی حەرام و سەرپێچی خوا بێت.

## ٢ ـ پرسیار: ئایا دروستە ئافرەت ڕێگری بکات لەوەی کە مێردەکەی زیاتر لە ژنێك بێنێت واتە : (نەهێڵێت ژنی دووەم بهێنێت)؟

شێخ ئەلبانی فەرموویەتی: بڕوام وایە دروست نیە بۆی ئەوەش لەبەر دوو هۆکار:

**یەکەم**: ڕێگری شتێك ئەکەن کە خوا حەڵاڵی کردووە.

**دووەم**: ئەوەیە کە سەرپێچی فەرمانی مێردەکەی دەکات، وە لای بەڕێزیشتان ئاشکرایە کە گوێڕایەڵی ئافرەت بۆ مێردەکەی واجبە و پێویستە فەرمانبەرداری بێت، وەکو کاربەدەست وایە کە چۆن خەڵك دەبێت فەرمانەکانیان جێ بەجێ بکەن لەشتی

چاكە و شەرعیدا، بۆیە كاتێك حاكمێك یان كاربەدەستێك فەرمانێكی ڕەوا و شەرعی دەردەكات ئەوا ئەو فەرمانە دەبێت بە واجب و پێویستە لەسەر ژێردەستەكان كە هەڵسن پێی و جێ بەجێی بكەن، بەهەمان شێوە بۆ ئافرەتیش وایە بەرانبەر بە مێردەكەی، كاتێك مێرد فەرمان بە شتێك دەكات بەمەرجێك سەرپێچی خوای پەروەردگار و پێغەمبەری ﷺ تێدا نەبێت و ئافرەتەكە لە توانایدا هەبوو جێ بەجێی بكات ئەوا پێوسیتە لەسەری گوێڕایەڵی بێت و نابێت لەمپەر و ئاستەنگ دروست بكات بۆیە بەرێگری كردنی دووجار تووشی تاوان دەبێت، وەكو لە پێشەوە ئاماژەی بۆ كرا .

## ٣ ـ پرسیار: ئایا لای بەڕێزتـان فرەژنی بابەتێكی سەرەكیە یاخود لق و لاوەكیە؟

شیخ ئەلبانی فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الأُمَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) واتە: خوازبێنی ئافرەتانێك بكەن كە مێرد دۆست بێت و زۆر منداڵی ببێت، چونكە من شانازی دەكەم بە زۆربوونی ئێوەوە لە ئاسات ئوممەتەكانی تردا لە ڕۆژی دواییدا"، ئەمەش بەجێ نایەت بە فرەژنی نەبێت، **بۆیە لەفرەحزبییەوە بڕۆن بۆ فرەژنی.**

**٤ ـ کەسێك دەپرسێت: هەندێ ئافرەت هەن کە عادات و عورفی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بە باش و پەسەند دەزانن و یان لە هەندێ لە وولاتە نا ئیسلامیەکان بەوەی کە دەڵێن فرەژنی قەدەغەو یاساغە، بەلام لە هەمان کاتدا لە ڕووی شەرعیەوە ڕێگە پێدراوە، ئایا حوکمی ئەو کەسە چیە کە ئەم تۆمەتە دەداتە پاڵ ئیسلام؟**

وەلام/ **شیخ ابن باز** فەرموویەتی: ئەوەی ڕقی لە فرەژنی بێت، لای وابێت کە تەنها یەك ژن هێنان باشترە ئەوە بێباوەڕە و لە ئیسلام هەلگەڕاوەتەوە چونکە پەنابەخوا ئەو کەسە شەرع و حوکمی خوا ڕەد دەکاتەوە، وە ئەو کەسەش کە ڕقی لەو حوکمە بێت کە خوا دایبەزاندووە ئەوا کردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە ، جا ئەوەی ڕقی لە فرەژنیەو پێی وایە شەریعەت ستەمی کردووە یان حوکمی خوا لەم بارەیەوە ناتەواوە یان باش و پەسەند نیە و ئەوەی لە ولاتانی ڕۆژئاوا ئەنجام دەدرێت لەیەك ژن هێنان لە ئیسلام باشترە ئەوا هەلگەڕانەوەیە لە دین، پەنا دەگرین بە خوا لەوە، بەهەمان شێوە کەسێك بلێت فەرزێتی نوێژ ئێستا گونجاو نیە و ئەگەر واز لەخەڵکی بهێنیت نوێژ نەکەن ئەوا باشترە یان ڕۆژوو نەگرن یان زەکات نەدەن ئەوا کافرە.

بەهەمان شێوە ئەگەر بلێت: هیچی تێدا نیە ئەگەر حوکم بە جگە لە شەرعیش بکرێت، هەرچەندە حوکمی شەرع باشترە، ئەوا کافرێتیە پەنا بە خوا، یاخود کەسێك بەوە ڕازی بێت کە خوا حەرامی کردووە و بڵێ ئەوە باش و چاکە، وەکو زینا ودزی و..... دیسان کافرە.

**٥ ـ ئایا دروستە بۆ پیاوان ژنی دووەم بهێنن بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارێك هەبێت کە بخوازێت ژنی تر بهێنێت؟**

و —**شیخ ابن باز** :- بەڵێ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۝٣﴾ [النساء] واتە: ئەگەر ویستتان و بەباشتان زانی، با بەبێ هۆکاریش بێت چونکە سوودی پێ دەگەیەنێت و دامرکاندنەوەی ئارەزوو خستنەوەی وەچەی زۆر و دوورکەوتنەوە لە فیتنە و ئاشووب شتێکی خوازراو و چاکە لە ئیسلامدا.

**٦ ـ پرسیار: خوا پاداشتتان بداتەوە من ئافرەتێکم بۆ ماوەی دە ساڵ دەبێت هاوسەرگیریم کردووە بەڵام منداڵم نابێت، هەروەها سوپاس بۆ خوا هەڵسوکەوتی مێردەکەشم زۆر باشە لەگەڵمدا، بەڵام دەیەوێت ئافرەتێکی تر بهێنێت و منیش ڕازی نیم، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا من تاوانبار دەبم بەوەی ڕێگری لێ بکەم ژنێکی تر بهێنێت؟ وە یاخود من داوای جیابوونەوەی لێ بکەم؟**

**وەڵام / الشیخ ابن عثیمین** فەرموویەتی:

پیاو بۆی هەیە زیاد لە ئافرەتێکی هەبێت بە ویستی خۆی، خوای پەروەردگار دەفەرموێت ﴿فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۝٣﴾ [النساء] کەوابوو بۆی هەیە هەتا چوار بهێنێت، وە ئافرەتەکە حەقی ئەوەی نیە و بۆی حەڵاڵ نیە کە ڕێگری لێ بکات لەو بارەیەوە، چونکە ژن هێنان مافی پیاوە نەوەك ژن، ... بۆیە حەڵاڵ نیە بۆ ئافرەت ڕێگری لە مێردەکەی بکات وە پیاوەکەش نابێت گوێڕایەڵی ژنەکەی بکات

لەوەی کە ژن نەهێنێت بەڵکو بۆی هەیە ژنێکی تر بهێنێت با خێزانەکەشی ڕەزامەند نەبێت، **وە ئافرەتەکە بۆی نیە کە داوای جیابوونەوە بکات** و پیاوەکەش نابێت تەلاقی بدات چونکە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە کە دەفەرموێت: ((أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا الطَّلاَقَ فِي غَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ)) واتە: هەر ئافرەتێك بەبێ هۆکار داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات ئەوا (تەنانەت) بۆنی بەهەشتیشی لێ حەرام دەبێت.

## ٧- ئامۆژگاری شێخ (ابن العثیمین) بۆ ئافـــرەتان:

ئەگەر پیاو تواناو ماڵ و سامان و عەدالەتی هەبوو باشتر وایە بۆی کە زیاد لەیەك ژنی هەبێت ئەوەش لەبەر ئەو هەموو بەرژەوەندیانەی کە تێیدا هەیە وەك: پاکڕاگرتنی داوێنی ژنی دووەم و خستنەوەی وەچە و نەوەی زۆر کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆشە و لابردنی ئەو ئارەزووەی کە لە ناخی پیاودایە بۆ هێنانی ژنی دووەم، **بەڵام سەبارەت بە ژنی یەکەم ئامۆژگاریم بۆی ئەوەیە کە**: نەکەوێتە نێوان پیاوەکە و ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە بۆی، **بەڵکو ئەگەر بینی مێردەکەی ئارەزووی ژنی دووەمی هەیە** و بەجەستە و بەماڵیش توانای ئەوەی هەیە و دادپەروەر دەبێت لە نێوانیاندا **هانی بدات و ئاسانکاری بۆ بکات** لەبەر هەبوونی ئەو بەرژەوەندیانەی کە ئاماژەمان بۆ کرد، وە بزانێتیش کە پێغەمبەری خوا ﷺ چەند ژنی هەبووە، وە **لەوانەیە ئەوە ببێتە خێر بۆی بەوەی یارمەتی بدات لە کاروباری ناوماڵ و ئەو ئەرکەشی لەسەر شان سووك بکات کە پیاوەکەی بەسەریەوە هەیەتی کە هەندێ جار تووشی کەمتەرخەمی دێت و تاوانبار دەبێت.**

بەهەرحاڵ مەبەستم ئەوەیە کە ئافرەتان کاتێك مێردەکانیان بڕیارێکی لەو شێوەیە دەدەن با غەیرە نەیانگرێت، بەڵکو با ئارام بگرن و چاوەڕێی پاداشت بکەن لای خوا، وە ئەوەش بزانن ئەم غەیرە و پێناخۆشبوونە تەنها بۆ ژنی دووەمە وە ئەگەرنا بۆ ژنی سێیەم و چوارەم ئاسایی دەبێتەوە و دەبێـە شتێکی سروشتی.

**٨ ـ ئایا حوکمی ئەو کەسە چیە کە ڕقی بێت لە فرەژنی و هەروەها ڕقی لە و کەسانەشە کە زیاد لەیەك ژنیان هەیە؟**

ج-**شیخ صالح الفوزان** فەرموویەتی : دروست نیە بۆ موسڵمان ڕقی بێت لەوەی کە خوا بە شەرعی داناوە بۆی و ڕێگری لە خەڵك بکات بۆ ئەنجام دانی ئەو پرۆسەیە، وە ئەمەش بە هەڵگەڕانەوە لە دین ئەژماردەکرێت چونکە خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَـٰلَهُمْ ۝٩ ﴾ [محمد] .

جا ئەم باسە مەترسیدارە و هۆکارەکەشی بریتیە لە کەوتنە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەکانی بێباوەڕانەوە و ئەوانەی خەڵك ڕاودەنێن لە ئیسلام، وە گومان و دوودڵی بڵاودەکەنەوە بە نێو خەڵکی سادەوساویلکەدا و ئەوانەی کە نەفامن و زانستی شەرعیان پێ نیە کە لە گەورەترینی بریتیە لە فرەژنی کە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە پێش پیاوان.

**٩ ـ حوكمی فرە ژنی چییە؟**

شیخ **زيد المدخلي** فەرموویەتی: خوای گەورە حوكمی لەسەر داوە و دەفەرموێت:

﴿فَٱنكِحُوا۟ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ فَوَٰحِدَةً ﴿٣﴾﴾ [النساء]

ئەگەر ترسای كە نەتوانی عەدل بیت لە نێوانیاندا هەم لە نەفەقەدا وە لەو بوارانەی كە واجبە لەسەر پیاو بەرامبەر خێزانی جێبەجێی بكات ئەوە لەسەر پیاوە كەیە خۆی كورت هەڵبێنیت لەسەر ئەوەندە ئافرەت كە بتوانێ عادل بێت ئیتر یەكێك بێت دوان بێت ... وە ئەوانەی دژایەتی فرەژنی ئەكەن زوڵم ئەكەن وە زوڵم لە نەفسی خۆیان ئەكەن وە ڕێگری ئەكەن لە فەرمانی خوا **تەنانەت ئافرەتیش كە مێردی هەبێت بۆی حەڵاڵ نیە كە ڕێگری لە شتێك بكات كە خوا حەڵاڵی كردبێ**.

**١٠ ـ ئەوە كراوە بە بڕیار كە ئەگەر بتەوێت ژنی دووهەم بهێنیت : دەبێت ڕەزامەندی ژنی یەكەم بەدەست بهێنیت و ئەو ڕازی بێت؟**

وەڵام : شێخ **محمد المدخلي** فەرموویەتی:

ئەمە شتێكی باتڵ و ناڕەوایە چونكە ئەو ئافرەتە كاربەدەستی پیاو نیە، بەڵكو پیاو كاربەدەست و سەرپەرشتیاری ژنانن و ئیزنیان پێ دەدەن كە سەفەر بكەن یان نا وە بژێویان بۆ دابین دەكەن و شتی تریش، بەڵكو ئەم نەریتە پێچەوانەی ئەم ئایەتەیە:

﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ ﴿٣٤﴾﴾ [النساء]

. واتە: پیاوان سەرپەرشتیاری ئافرەتانن بەوەی كە خوا فەزڵی هەندێكیانیداوە بەسەر هەندێكیتریاندا و بەوەش كە بژێویان بۆ دابین دەكەن لە ماڵ و سامانیان .

## ١١ ـ ئایا بۆم هەیە ژنی دووەم بهێنم لە کاتێکدا ژنی یەکەمم پێی نەزانێت و ئاگای لێ نەبێت؟ چونکە دەزانم ڕازی نابێت؟

**الشيخ صالح السحيمي** فەرموویەتی:

زۆربەمان **لەم بارەیەوە ترسنۆکین**، برای خۆم ئافرەت مافی ئەوەی نیە بکەوێتە نێوان تۆ و ژن هێنانتەوە، بەڵام تۆ خۆت تاقی بکەرەوە بەوەی ئەگەر تۆ کەسێکیت توانای ئەوەت هەیە کە دادگەربیت و دڵ و سنگت فراوانە و دەتوانیت ئەوەی دەیبیسیت پشتگوێی بخەیت و ئارامی و دانبەخۆداگرتنت هەبێت ئەوا دەست پێ بکە، بەڵام ئەگەر زۆربەی گومانت بۆ ئەوە نەچوو .. وە دەتزانی کە لەباروشیاو نیت بۆ ئەو دۆخە ئەوا وازبێنە، بەڵێ دەبێت قسەی خۆش بۆ ژنی یەکەم بکەیت و نەرم و نیانی لەگەڵدا بنوێنی و پارە یاخود شتی تری پێشکەش بکەیت بۆ ئەوەی ڕەزامەندی دەربڕێت بۆ ئەو پرسە، پاشان ئەگەر وامان دانا کە ڕازی نابێ و پێی ناخۆشە ئەوا لەسەرت نیە کە لەسەر ڕەزامەندی ئەو بوەستی و تۆ پەیوەست نیت بە ڕێگەپێدانی ئەوەوە، **برایانی خۆم ئەم سوننەتە زیندوو بکەنەوە**، ماڵی وا هەیە چەند کچی تێدایە و هی وایان تێدایە کە تەمەنی گەیشتۆتە چل ساڵ کەچی هێشتا بەشوو نەدراوە، بەڕاستی ئێمە لاسایی ڕۆژئاوا دەکەینەوە لەم شتەدا (کە تەنها یەك ژنمان هەبێت) و ئەو زنجیرە دراما و فیلمە دۆبلاژکراوانەی کە ڕەخنە ئامێزن لە فرەژنی و کەسایەتی پیاوی فرەژن دەشێوێنن ئێمە بووین بە تەماشاکەریان و بڕوا پێکەریان، ئەوەتا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ﴿٣﴾ ﴾ [النساء] .

واتە: لەو ئافرەتانەی کە حەڵاڵن بۆتان مارە بکەن دوو یان سێ یان چوار، **ئەگەر سەرنجی ئایەتەکە بدەن لە دووەوە دەست پێ دەکات**، بەم بۆنەیەوە ووتەیەکی شێخ ابن بازم بیرکەوتەوە بەڕەحمەت بێت کە دەیووت: **ئەسڵ وایە مرۆڤ زیاد لە یەك ژنی هەبێت** مەگەر لەکاتی هەبوونی ترس لەوەی دادپەروەر نەبیت.

١٢ ـ **ئامۆژگاریەك بۆ ئافرەتان :**

**شێخ صالح السحیمي** فەرموویەتی: بەو خوشکە باوەڕدارانە دەڵێم کە دەبێت حەق وەربگیرێت و قبوڵ بکرێت ئەگەر تاڵیش بێت با هەموو خەڵکیش پێچەوانەی بن و پێی دەڵێم پێویستە لەسەرت شەرعی خوا قبوڵ بکەیت کە فەرمانی پێکردووە، وە باشترین پێشەنگ و مامۆستا بۆ ئێمە پێغەمبەری خوایە ﷺ کە خێزانەکانیشی ئەو کارەیان پەسەنکردووە ، ئەوەتا قورئان دەفەرموێت: ﴿فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۝٣﴾

بەڵام ئەگەر مێردەکەت لەو کەسانەیە کە گومانی ئەوەی پێ دەبرێت دادگەر نەبێت و تەنها یەك لا بگرێت ئەوا من ئامۆژگاری دەکەم بەوەی با ژنی تر نەهێنێت بۆ ئەوەی شێوەیەکی ناشرین پیشان نەدات و خۆیشی تاوانبار بکات و پێی دەڵێم: ﴿فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً﴾ واتە: جا ئەگەر ترسان لەوە هەبوو کە دادگەر نەبن ئەوا یەك ئافرەت مارەبکەن ، بەڵام ئەگەر مێردەکەت لەو کەسانەیە کە تواناى ئەوەی هەیە دادگەر بێت ئەوا **یارمەتی بدە و ئاسانکاری بۆ بکە بۆ ئەوەی ئەم سوننەتە زیندوو بێتەوە** ئەوا لەو کاتەدا تۆ لای خوا پاداشتت بۆ دەنوسرێت.

## کۆتایی

* خوشکەکەم ئایە خوای خۆت خۆش ئەوێ؟ دڵنیام دەڵێیت: بەڵی، بەڵام تەنها بەڵێ قسەکەت پشت ڕاست ناکاتەوە ئەگەر دەتەوێت بزانی خۆشەویستی ڕاستەقینە چۆنە ئەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت: ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣١ ﴾ [آل عمران] .

واتە: ئەی پیغەمبەر (ﷺ) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دەی شوێنی من بکەون تا خودایش ئێوەی خۆش بوێت و لە گوناهەکانتان خۆشبێت خوای گەورە لێخۆشبو و میهرەبانە.

وە خوای گەورە ئەفەرموێت:

﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ ٧ ﴾ [الحشر]

واتە: ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆی هێناون وەریبگرن و کاری پێبکەن.

وە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێڕایەڵی کردنی خوایە بە بەڵگەی: ﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ٨٠ ﴾ [النساء] .واتە: هەرکەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بکات ئەوا گوێڕایەڵی خوای کردووە ، وە هەرکەسێکیش پشتهەڵبکات ئەوا ئێمە تۆمان نەناردووە بەچاودێر بەسەریانەوە .

باشە خوشکەکەم ئیستا با بزانین پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی پێفەرموون پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ((السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ **فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ مَا لَمْ يُؤْمَرْ بِمَعْصِيَةٍ** ، فَإِذَا أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلاَ سَمْعَ وَلاَ طَاعَةَ)) [البخاري : (٧١٤٤) ومسلم : (٤٧٤٠)] .

واتە :گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی فرمانی مێرد لەسەر ئافرەتی موسوڵمانە جێبەجێی بکات ئەگەر فرمانەکەی پێخۆشبێت یان پێی ناخۆشبێت ئەگەر فرمانی پێنەکات بەوەی تاوان بکات ، ئەگەر فرمانی پێکرا بەوەی کەتاوان بکات ئەوە لەو فرمانەدا گوێگر و گوێڕایەڵی ناکات.

باشە کاتێك مێردەکەت پێت دەڵێت  دەمەوێت سوننەتی چەند ژنی زیندوو بکەمەوە پێویستە تۆیش یارمەتیم بدەیت هیچ نەبێت بەوەی کێشە درووست نەکەیت لەناو ماڵ و منالّدا تۆ دەڵێی چی؟ ئەگەر خوات خۆش بوێت و گوێڕایەڵی فەرمودەکەی سەرەوە بکەیت، واجبە لەسەرت گوێڕایەڵ بی بۆ مێردەکەت چونکە ئەوەی مێردەکەت دەیەوێت و داوات لێدەکات ئەمرکردن نیە بە تاوان کردن چونکە ڕێگەی پێدراوە لەسەر ئەو کارە بەڵکو سونەتیشە، خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿ فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً ﴿٣﴾ ﴾ [النساء] .

واتە : واتە: لەو ئافرەتانەی کە حەڵاڵن بۆتان مارە بکەن دوو یان سێ یان چوار ، وە ئەگەر ترسان لەوە هەبوو کە دادگەر نەبن ئەوا یەك ئافرەت مارەبکەن .

وەهاوەڵە بەڕێزەکانیش ئامۆژگاری یەکتریان کردووە لەسەر ئەم کارەی کە مێردەکەت دەیەوێت بیکات.

عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ : قَالَ لِي ابْنُ عَبَّاسٍ :

((هَلْ تَزَوَّجْتَ ؟ قُلْتُ : لاَ ، قَالَ : فَتَزَوَّجْ فَإِنَّ خَيْرَ هَذِهِ الأُمَّةِ أَكْثَرُهَا نِسَاءً)) (صحيح البخاري ٥٠٦٧) .

واتە : سەعیدی کوڕی جبیر فەرموویەتی : عبدالله ی کوڕی عباس پێی وتم : ئایا ژنت هێناوە ؟ وتم : نەخێر ، فەرمووی : کەواتە ژن بێنە چونکە باشترین کەسی ئەم ئوممەتە ئەو کەسەیە کە لە هەموویان ژنی زۆرترە .

وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) زۆرترین ژنی هەبووە

خوای گەورەیش ئەفەرموێت :

﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ ﴿٢١﴾ ﴾ [الأحزاب] .

واتە : سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوداوە بۆ ئێوە هەیە سەر مەشق و پێشەوایەتی چاك.

وە ئەگەر زانیت فەرمانی خوای گەورە لەسەر فرە ژنییە لە کاتیکدا کە پیاو بتوانێت عادل بێت ، دەی بەزەییتان بەخۆتانە بێتەوە موخالەفەی ئەمری خوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ مەکەن خوای گەورەیش ئەفەرموێت : ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٩٢﴾ ﴾ [المائدة] .

واتە : فەرمانبەر و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرە کەی بن(ﷺ) وە ئاگادار بن ئەگەر فەرمانبەر و گوێڕایەڵی نەکەن ئەوە بزانن ئەوە لەسەر پێغەمبەرەکەمان(ﷺ) تەنها ڕاگەیاندنی ڕوون و ئاشکرای لەسەرە.

وە ئەفەرموێت ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[النور : ٦٣].

واتە : دەی با ئەوکەسانە بترسن کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ)دەکەن بەلاّ و نەهامەتیان توشبێت یان توشی سزاو ناڕەحەتی بن .

بۆیە ئەبێت مرۆڤی ئیماندار کاتێك فەرمانێکی پێدەکرێت کە بزانێت قورئانە یان فەرمودەیەکی ڕاستە ئەوە ئەبێ بڵێت گوێم لێ بوو وە گوێڕایەڵیشی دەبم ، خوادا یش ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَاۚ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٥١﴾﴾ [النور] .واتە : ئیمانداران کاتێك بانگ دەکرێن بۆلای(بەرنامەکەی)خواو پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆئەوەی بڕیار بدات لەنێوانیان تەنها ئەڵێن بیسمان و گوێڕایەڵ دەبین هەر ئەوانە لە ڕزگار بوانن.

وەخوای پەروەردگار دەفەرموێت :﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾ [النساء] .

واتە : سوێند بە پەروەردگارت ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو خەڵکە باوەڕ ناهێنن و بێباوەڕن تاوەکو تۆ نەکەن بە دادوەر لەو شتانەدا کە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە تێیدا و ئەنجا لە ناخیانەوە دڵگران نەبن بەو بڕیارەی تۆ و ملکەچ ببن بە تەواوی .

وە نابێت وەکو ئەوانەبین کە فەرمانی خوا و پێغەمبەر(ﷺ)یان پێدەگات دەڵێن : ﴿ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا ﴿٩٣﴾ ﴾ [البقرة] .

وە نابێت موسڵمان بە هۆی هەواوئارەزوی خۆیەوە هەوەسی خۆی پێش حوکمی خوای گەورە بخات چونکە خوای گەورە ئەفەرموێت :

﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَـٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾ ﴾ [الأحزاب] .

واتە : بۆ هیچ ئیمانداریێکی پیاو و ژن نی‌یە ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکەی بڕیاریێکیاندا لەسەر شتێك کەوا مافی هەڵبژاردنیان هەبێت تێیدا ، وە هەرکەسێك سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوا گومڕا دەبێت گومڕاییەکی ڕوون و ئاشکرا .

وە دەفەرموێت : ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُقَدِّمُوا۟ بَيْنَ يَدَىِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١﴾ ﴾ [الحجرات] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە پێش فرمانەکانی خوا پێغەمبەرەکەی(ﷺ) مەکەون و لەخوابترسن خوای گەورە بیسەر و زانایە.

وە خوای گەورە پێمان ڕادەگەیەنێ ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانمانەوە ئەوە ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ لای قورئان و فەرمودە :

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ [النساء] .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر و فەرمانڕەواکانتان بکەن ، وە ئەگەر کێشە و ناکۆکی و جیاوازی کەوتە نێوانتانەوە لە شتێکدا ئەوا بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر [واتە : بۆ لای قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ] ئەگەر ئێوە ئیمانتان هەیە بە خوا و بە ڕۆژی دوایی ئا ئەم گێڕانەوەیە چاکترە و سەرئەنجامەکەشی باشترە .

بۆ هەموو خوشکان بە تایبەت ئەوانەی کە بە بانگخواز و ئەوانەیش کە بە فێرخوازی زانستی شەرعی ناسراون پێویستە لەسەریان کەسانێك بن لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ بن نەك بانگەواز بکەی کە تۆ شوێنکەوتەی قورئان و سونەتی بەڵام لە مەسەلەیەکی ئاوهادا کە بووە بە سونەتێکی مەهجور و پشتتێکراو هەواو ئارەزوت پێش دەقەکان بخەیت ! ڕاستە بێتاقەت ئەبن بەڵام بزانە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەدا حیکمەتی زۆر هەیە

خوای گەورەیش ئەفەرموێ : ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦ ﴾ [البقرة] .

واتە : ئەگونجێ شتێکتان پێ ناخۆش بێت و ئەوە خێربێ بۆتان وە شتێکتان پێ خۆشبێت و ئەوە خراپبێ بۆتان.

دەی با هەوڵ بدەین بۆ زیندوکردنەوەی ئەم سوننەتەی کە مرێنراوە چونکە پێغەمبەریی خوا(ﷺ) فەرمویەتی :

((مَنْ سَنَّ فِي الإِسْلاَمِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ)) .

واتە : هەرکەسێك لە ئیسلامدا سوننەتێکی (واتە : کردەوەیەکی) چاك زیندوو بکاتەوە ئەوا پاداشتی ئەو کردەوەیەی دەست دەکەوێت و پاداشتی ئەوانەش کەوا کردەوەی پێدەکەن لە دوای خۆی ، بە بێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان هیچ کەم بێتەوە .

وە لەم خێرەدا بەشی خوشکانیشی تیایە ئەگەر ببن بەڕێنیشاندەر بۆ زیندوکردنەوەی ئەم سونەتە :

قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ)) .

واتە : پێغەمبەریی خوا(ﷺ) فەرمویەتی هەرکەسێك ڕێنمایی بکات بۆ خێر و چاکەیەك ئەوا بە وێنەی پاداشتی ئەنجادەرەکەیی بۆ هەیە .

وأخيرُ دعوانا أن الحمد لله رب العالمين والصلاة وسلام على نبيينا وعلى آله وصحبه أجمعين